www.kurdistannet.org

# پارتی و تەبعیسی دیموکراسی ..!

( سەرنجێك لەسەر یاسا هەموار کراوەکەی حکومەتی پارتی )

( بەختیار عزیز )

ساڵی ۱۹۹۳ کاتێ یاسای حزبەکان لەلایەن پارلەمانی هاوبەشی پارتی و یەکێتی یەوە دەرچوو لە ڕێگای نامەیەکی کراوەوە کە لە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوەدا بلاو کرایەوە هەر ئەو کات نارەزایەتی خۆم بەرامبەر بەو یاسایە دەربڕی.شایانی باسە نامە کراوەکەم ئەو کات ڕوو بە جەوهەر نامقی سەرۆکی پارلەمانەکەیان بوو .

ئیستا دوای نۆ ساڵ بەسەر تێپەڕ بوونی دەرچونی ئەو یاسا دژی ئازادی یەدا و دوای ئەوەی بە دەستی خۆیان پەرلەمانەکەیان کرد بە گاڵتەجاڕی ئێستا دێن ئەو یاسا دژی ئازادی یە زیاتر تەبعیس دەکەن .بۆیەش وا پێوست دەکات ئەمجارەش بێ دەنگ نەبین و نارەزایەتي دەربڕین .

بەهەر حاڵ بە جیا لەوەی کە ئەو کات تازە بڕیاریان لەسەر ئەو یاسایە دابوو و هاوکات چەندین کەسیان نەك هەر زیندانی بەڵکو تیرۆریش کردبوو ، لەوانە ڕەوف ئاکرەیی لە ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەران ، ڕێباز بەرپرسی بارەگای دهۆکی حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان و ئارام کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و بێ شەرو شوێن کردنی چەندین کەس و زیندانی کردنی دەیان کەسی تر . وە بە جیا لەوەی کە ئەمانە بە چ شێوەیەك گەیشتونەتە دەسەلات و چەندە ئەم دەسەڵاتەیان ئەو کات و ئێستاش شەرعیەتی هەیە و وە بەجیا لەوەش کە ئاخۆ ئەم حکومەتە فعلەن چەندە حکومەت و پەرلمانە و مقوماتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شەرعیەتی نێو دەوڵەتی هەیە .وە بە جیا لەوەی کە هەر ئەم شتەی ئەمانە پێ ی دەڵین پەرلەمان و حکومەت وە لە ساڵی ۱۹۹٤ وە خۆیان شەقیان تێ هەڵداوە و دەمێکە فاتیحایان لەسەر تەرمەکەی خوێندەوە بەهۆی شەڕی ناو خۆیانەوە .وە تەنانەت بە جیا لەوەی کە تا ئێستاش دەرو دراوسێ و دۆستە دورو نزیکەکانیشیان لە چەشنی ئەمریکا بەسەر زاریا نەهاتووە بڵێ حکومەتی کوردستان و هەر دەڵێن شمالی عیراق . وە تەنانەت بە جیا لەوەی ئەم کەشەی کە بە هێزو خوێنی خەڵك ساز بووە و نوزەیەکی ئازادی سیاسی کە هەیە لە دوای دەرپەڕاندنی بەعس ئەمان وا دەزانن خێر بە خەڵکی دەکەن ، بە جیا لەهەموو ئەمانە وە وا دابنێین کە ئەم حکومەتە شامل و کاملە ، ئەگەر هەر کەسێك کەمێك لەو تەعدیلە وورد بێتەوە ئاخۆ زۆر ڕۆشن ناوەرۆکی تەبعیسی ئەم دیموکراسي یەی پارتی بۆ دەر ناکەوێت؟ .

لە تعدیلەکەدا هاتووە کە بۆ پێك هێنانی حزبێك یان ڕێکخراوێك پێویستە ناوی پەنجا ئەندامی دامەزرێنەرو پینج سەد ئەندامی ئاسایش موجود بێت ئینجا دەتوانرێ مۆڵەتی پێك هینانی حزبێك یا ڕێکخراوەیەکی هەبێت.دیارە ئەمەش بە کۆمەڵی مواسەفاتەوە بۆ هەریەك لەو جۆرە ئەندامانە .وەك بەرزی ئاستی وشیاری و ڕۆشنبیریان زائیدەن ئەوەی کە دەبێت ئەم حزبە و ئەندامەکانی ڕێز بنین لە موقەدەساتی خەڵك و بەرژەوەندی یە نیشتمانی و نەتەوەیی و دینی یەکان بپاریزن . هیچ کۆمەکیکیش بە بێ ئاگاداری حکومەتەکەی پارتی وەرنەگرێ !.بەهانە بۆ ئەم هەموار کردنەش پتەو کردنەوەو بەرەو پێش بردنی پرۆسەی دیموکراسی یە .ئەمە ڕێك کتێبەکەی سەدام حوسەینم دێنێتەوە یاد کە بە ناوی خندق واحد ام خندقین کە لە ساڵی ۱۹۷۹ دا وەك قاچی

www.kurdistannet.org

حزبی شیوعی هاوپەیمانی پێ هەڵپاچی .ئەوانەی مانەوە کۆمەڵە کەسانێك بوون کە سەر بە موخابەرات بوون لە چەشنی عزیز عقراوی و هاشم عقراوی .ئەمڕۆ پارتیش ڕێك ئەو هەنگاوەی بەعس دەنێت .

ئاخر لە یاسای کام حکومەتی جهاندا بووە ئەگەر یەك زەڕڕە بڕوای بەو دیموکراسی یە هەبێت ،کە لانکەکەی ڕۆژئاوایە ، یاسای بەم شێوەیە دەر بکات بۆ پێك هێنانی حزب .

بۆیە بەڕای هەر کەسێك کە نوکە دەرزی یە ئاگاداری جهانی سیاسەت بێت دەزانێ کە ئەمەی پارتی جگە لە گاڵتەجاری بە خەڵك و تەنانەت بە حکومەت و دیموکراسی یەکەی خۆیشیان زیاتر هیچی تر نی یە .

بە پێ ی ئەم یاسایە بێت منێکی کۆمۆنیست و مولحد ی دژی دین و لایەنگری مافی یەکسانی ژن و پیاو نەك لەگەڵ ٥٠٠ کەس بەڵکو لەگەڵ ٥٠٠٠ هەزار کەسیش بۆمان نی یە نەحزب و نە هیچ ڕێکخراوێك پێك بهێنین ، چونکە ئەمە پێچەوانەی بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمانە . پێچەوانەی یاسای ئەوانە چونکە خۆ لە یاسای ئەواندا شتێك نی یە بە ناوی یاسای یەکسانی ژن و پیاو ئیسلامیش ڕوکنێکی سەرەکی حکومەتەکەیانە.کەواتە ئەمە هەر تەبعیس کردنی دیموکراسی یە .دیموکراسی یەتێکی بەم شیوەیەش ممکن نی‌یە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان قەبوڵی بکەن وە ناشبێ قەبلۆی بکەن .بۆیە ممکن نی یە پارتی بتوانێ ئەم گایەی بۆ بخرێتە ئەو قوتوەوە . باشتر وایە ڕێك و ڕەوان وەك بەعس بڵێ حزبی قائدم و توتالیتاری‌یەتی خۆی ڕاگەیەنێ و ئەم هەنگڵە شەڵی یە نەکات .چونکە ئەمە ئیتر جگە لە پیادە کردنی یاساو نەریتەکانی بەعس هیچی تر نی یە .

هەر بە پێ ی ئەم یاسایە هەر ئێستا زۆرێك لەو حزبانەی کە هەیە دەبێت بنەو بارگەکانیان بپێچنەوەو هەڵوەشانەوەی خۆیان ڕاگەیەنن چونکە لەو شەرت و شروتانە بەهرەمەند نین .

هەڵبەت ئەگەر کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و هێزە پیشکەوتنخوازەکانی بە زوویی نارەزایەتی دەرنەبڕن بەرامبەر ئەم یاسایە ئەوە ئەو گایە دەخاتە قوتوەکەوە وە لە سبەی رۆژدا باشتر هێرش دەباتە سەر سەرەتایی ترین مافەکانی خەڵك و ئازادی سیاسی . هەروەها مەودای ئازادی سیاسی ئەوەندە بەرتەسك دەکاتەوە کە پەیدا کردنی نان و ئاوو تەنانەت هەواش بەند بێت بە ئەندام بوون بە پارتی یەوە . هەروەك چۆن بەعس لەسەر زاری سەدام حوسەینەوە دەیووت _ من یخدمنا نخدمه _ وە بەناوی پاراستنی سەروەری نەتەوەوە کەوتە تەبعیس کردنی خەڵك و بەمەش نمونەیەکی بەرجەستەی لە دیموکراسی بۆ خەڵك بە دیاری هێنا کە جگە لە دکتاتۆریەتی موتەلەق زیاتر هیچی تر نەبوو .

کۆتایی ئایاری ٢٠٠٢